عەبدوڵڵا سەمەدی

# ڕووگە

ئیتر نامەوێ بە خەیاڵ ببمە ماڵ. ئەوی تۆزی مەینەت بوو، بە چاومدا چوو، و ئەوی خاکی بەدبەختی بوو، پاکی ڕژایە سەر و گوێلاکم.

دێمەوە لای تۆ وڵاتە غەریبەکەم! خۆ بە سەر کەوشی کێوەکانت دادەدەم، و تۆزی بەر پێت لە چاوەکانم دەکێشم.

ئیتر نامەوێ کۆڵەباری کۆڵەواریم، کە پێك هاتووی کوێرەوەریی شەوی درێژی پایزی تەمەنمە، بە کۆڵدادەم و ڕێی دوور ببڕم و بژیوی منداڵە شەکەت و برسییەکانم لە سەر سفرەی خوێناوی نەتەویم هەڵڕێژم و ڕەنجم بفرۆشم بە درۆ و ژیان بدەم بە خەون!

ڕوو وەردەگێڕم. چاوانم لە تۆ دەبڕم و نایترووکێنم. تۆ ڕووگەمی، بە سەرپۆشی کەسك و زەرد و سوورەوە، ئەی وڵاتی بەفر و ئاور!

بە پێخاوسی لە پێدەشتەکانت دادەگەڕێم، لە شەپۆلی کەروێشکەی فەڕڕ و پیتا مەلە دەکەم و خۆ وەبەر بارانی تیشکت دەگرم، ئەی بەهەشتی دزراوم! ئەی وڵاتی زێڕم! کە شەوت ئەستێرەبارانە و ڕۆژت پڕشنگ پژێن..

ئیتر سروودی من هاژەی تاڤگەیە و چریکەی پۆڕ. هاشەی بایە و خشەی وەڵگ و لك و پۆپی دارستانە و جریوەی مەل.

ئیتر ئومێدی من بە ژیان سەبارەت بە تۆیە، ئارمانجم سەربەرزی تۆ.

دڵخۆشی دوای مردنم ئەوەیە کە لە خاك و خۆڵی تۆدا دەپوێم و پرزۆڵەکانم لە تۆدا دەتوێنەوە و سەرلەنوێ خوێنم لە پەڕە ئاڵەکانی گوڵوکی تۆدا دەگەڕێ و ئێسقانم لە دڕکی گوڵەکانت سەر دەردێنێ.